پیاوێکی ئەعرابی هات ولە گۆشەیەکی مزگەوتەکەدا میزی کرد

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پیاوێکی ئەعرابی هات ولە گۆشەیەکی مزگەوتەکەدا میزی کرد، وخەڵکەکە بەگژیدا چوون، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێیان کرد، هەتا میزەکەی تەواو کرد، پاشان فەرمانیکرد بە سەتڵێک ئاو بۆ ئەوەی بڕژێندرێت بەسەر میزەکەدا (بۆ ئەوەی بۆن وشوێنەوارەکەی نەمێنێت)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لە خووی ئەعرابەکان* ئەوەیە کە وشک ونەفامن، ئەمیش بەهۆی دووریان لە فێربوونی ئەو پەیامەی خودا بۆ پێغەمبەرەکەی دایبەزاندووە -صلى الله عليه وسلم-. وکاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نێو هاوەڵانیدا بوو لە مزگەوتی نەبەوی، پیاوێکی ئەعرابی هات ولە گۆشەیەکی مزگەوتەکە میزی کرد، وێڵی وابوو ئەوێ وەکو دەشت وایە، وهاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- ئەمەیان بەلاوە شتێکی گەورە بوو؛ ئەمیش بەهۆی مەزنی ڕێز وقەدری مزگەوتەوە ولێی توڕەبوون لە کاتی میزکردنەکەیدا، بەڵام خاوەنی جوانترین ڕەوشت کە نێردراوە بۆ موژدەدان وئاسانکاری لەسەر خەڵکی فەرمانی پێکردن کە وازی لێبهێنن، چونکە دەیزانی حاڵی ئەعرابەکان چۆنە، وبۆ ئەوەی بەشێکی زیاتر لە نێو مزگەوتەکە و لاشە وجلەکەی پیس نەکات کە ببێتە مایەی زیانلێدان بۆی، وبۆ ئەوەی لە پاشاندا ئامۆژگاری وفێرکردن قبوڵ بکات کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فێری دەکات، وفەرمانی کرد کە شوێنی میزەکەی پاک بکەنەوە ئەویش بە ڕشتنی سەتڵێک ئاو بەسەر شوێنەواری میزەکەدا. *(ئەعرابەکان: مەبەست ئەو عەرەبانەیە کە دەشتەکان دەژین، واتا: لە دەرەوەی شار وگوندەکان دەژین)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3036